باسی حەجی ماڵئاواییمان دەکرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوانماندا بوو، ونەماندەزانی مەبەست لە حەجی ماڵئاوایی چییە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: باسی حەجی ماڵئاواییمان دەکرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوانماندا بوو، ونەماندەزانی مەبەست لە حەجی ماڵئاوایی چییە، هەتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد، وپاشان زۆر باسی مەسیحی دەججالی کرد، وفەرمووی: «هەموو پێغەمبەرێک ئومەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە، نوح وپێغەمبەرانی پاش خۆی ئاگادارییان سەبارەتی داوە، لە نێوان ئێوە دەردەچێت وهەندێک لە سیفەتەکانی لە ئێوە شاراوە دەبێت، نابێت شاراوە بێت لێتان کە پەروەردگارتان چاوێکی کوێر نییە، دەججال چاوی ڕاستی کوێرە، چاوە کوێرەکەی وەکو تریێیەکی دەرپۆقیو وایە، خوای گەورە خۆێن ومااڵتانی حەرامکردووە لەسەر یەکتر وەکو حەرام بوونی ئەم ڕۆژە، وئەم شوێنە وئەم مانگە، ئایا پەیامەکەم گەیاند؟» ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: «خودایە شاهێد بە» سێ جار وای فەرموو، پاشان فەرمووی: «خودا ڕەحمتان پێبکات! لە پاش من مەگەڕێنەوە بۆ بێباوەڕی وکوفر کە لە گەردنی یەکتر بدەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: ئێمە دەمانووت حەجی ماڵئاوایی چییە؟ لە کاتێکدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوانماندا بوو، نەماندەزانی حەجی ماڵئاوایی چییە، حەجی ماڵئاوایی ئەو حەجە بوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ساڵی دەی کۆچی ئەنجامیدا، وماڵئاوایی لە خەڵکی کرد، وباسی مەسیحی دەججالی کرد، وزۆر وریایی وئاگاداری دا سەبارەت بە فیتنە وتاقیکردنەوەکانی، پاشان باسی ئەوەی کرد کە هەموو پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- قەومەکانیان لە دەججال ئاگادار کردووەتەوە، وایان لێیان دەکرد کە بترسن وباسی دەججال بە گەورە بزانن. ولە لاتان شاراوە نییە کە پەروەردگارتان کوێر نییە (چاوێکی کوێر) نییە، بەڵام دەججال کوێرە (چاوێکی کوێرە)، چاوی ڕاستی دەججال وەکو تریێیەکی دەرپۆقیوە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: باسی حەرامی هەموو شتێکی مسوڵمانان کرد لەسەر یەکتر وەکو حەرامی ئەو ڕۆژ وشوێن ومانگە، پاشان داوای کرد کە مسوڵمانان شاهێدی بۆ بدەن بەوەی پەیامەکەی خودای گەیاندووە، ومسوڵمانانیش ووتیان: بەڵێ، گەیاندووتە، پاشان فەرمووی: خودایە شاهێد بە، سێ جار. لە کۆتاییدا فەرمانی پێکردن لە پاش کۆچی دوایی ئەو وەکو کافرەکان دەست نەکەن بە یەکتر کوژی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5829